بە سەردانێکی فەرمی وەزیری بەرگری ڕوسیا سەردانی کۆریای باکوور دەکات

ئاژانسی هەواڵی ناوەندی کۆریای باکوور ڕۆژی سێشەممە ڕایگەیاند کە شاندێکی ڕوسی بە سەرکایەتی وەزیری بەرگری ڕوسیا "سێرگی شۆیگو" سەردانی پیۆنگ یانگ دەکات بۆ یادکردنەوەی حەفتا ساڵەی ڕۆژی سەرکەوتن لە کۆتایی ئەم هەفتەیەدا.

ئاژانسی هەواڵی نێوەستی ڕوسیا ڕایگەیاند کە سەردانەکە لە 25 بۆ 27ـی ئەم مانگە ئەنجام دەدرێت، هەروەها سەردانەکە لەسەر بانگهێشتی وەزارەتی بەرگری کۆریای باکوور.

وەزارەتی بەرگری ڕوسیا ڕایگەیاند، "سەردانەکە یارمەتیدەر دەبێت بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییە سەربازییەکان و دەبێتە قۆناغێکی گرنگ بۆ پێڕەوکردنی هاریکارییەکانی نێوان هەردوو وڵات".